www.kurdistannet.org

# دادگایی دانمارک جارێکی تر خەزرەجی نائومێد و هیوابڕاو کرد

## لە کاتی پشکنینی ماڵی خەزرەجی ، چەند لیستێک دۆزرایەوە و دەستی بە سەرداگیرا !!

کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی — دانمارک

2003/1/19



ساڵی 2003 ..، بە سەرەتایەکی ڕەش و لە باربردنی هەوڵ و پلانەکان بۆ خەزرەجی دەستی پێ کرد ، سەرلە بەیانی ڕۆژی 2003\1\17 چوار هەفتەی تر دەست بە سەری بۆ نەزار خەزرەجی نوێ کرایەوە ، لە دادگایی شاری (Soro 50 کم دور لە کۆبنهاگن) وە ، ئەم جارە خەزرەجی بە تەواوەتی نائومێد و هیوابڕاو کرا .

خەزرەجی بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی خۆدزینەوەو دەربازبوون لە دادگایی کردن دەدا ، تەنانەت بە ناوی خودی کوردیشەوە ، جارێک بە ناوی ئەوەی گوایا سەرکردەکانی کورد ، خەزرەجیان بانگهێشت کردووە بۆ کوردستان بە مەبەستی هاریکاری و بەشداری کردن لە گەڵیان بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق ، وە جارێکی تریش بە ناوی ئەوەی گوایا مام جەلال و کاک مەسعود بەرزانی نامەیان بۆ ناردووە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ شایەتی دان لە سەر ئەوەی ، کە خەزرەجی بەشداری نەکردووە لە پەلاماری ئەنفال و کیمیاباران دژی گەلی کورد و جەخت کردن لە ئەوەی ، کە خەزرەجی هەردەم دۆستی کورد بووە .

ئەنەس یوسف سەن پارێزەرەکەی خەزرەجی داوای لە دادگایی شاری (Soro) کرد ، ڕێگا بە خەزرەجی بدەن ، سەفەر بکات بۆ کوردستان ، تا لەوێوە بەشداری لە هەوڵەکانی گۆڕینی ڕژێمی عێراق بکات ، لەم هەلومەرجە تایبەتەی ئێستا ڕەخساوە ، کە ئەگەری وەشاندنی گورزی سەربازی هەیە لە دژی دەستەڵاتی عێراق ... ، لە وەڵامدا داواکاری گشتی وتی : بە پێی بەڵگەنامەکان ئەو بەش و یەکانەی لە ژێر فەرمانی خەزرەجی دابوونە ، ئۆپراسیۆنی ئەنفالیان ئەنجام داوە و لە چوارچێوەی ئەو پەلامارانە چەکی کیمیاوی و بایلۆجی لە دژی کوردەکان بە کار هێنراوە ، بۆیە کەسێکی وەکو خەزرەجی کە تاوانی جەنگی کەوتووەتە

ئەستۆوە و بە پێی یاسای سزادان ، خەزرەجی دەگاتە سزای زیندانی هەمیشەیی ، بۆیە ناکرێت مۆڵەت و ڕێگای کەسێکی وا بدرێت سەفەربکات کە تاوانی وا ترسناکی لە ئەستۆدا بێت ، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا وتی : خەزرەجی ئەم داوایانەی بە مەبەستی خۆ دزینەوەیە لە سزاوەرگرتن و دادگایی ، چونکە گەر خەزرەجی ئارەزوی بەشداری کردنی هەبێت ، یان پەیوەندی کردن لە گەڵ ناوەوە ، دەتوانێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و ڕێگای لێ نەگیراوە هەردەم ، هەروەها وتی : ئەمە داوایەکی سیاسیە و لە چوارچێوەی یاسادا جێگایی نابێتەوە.

سەبارەت بە پرسیارێکی تری پارێزەرەکەی خەزرەجی (ئەنەس یوسف سەن) ، کە ئاراستەی داواکاری گشتی بۆ کاروباری سزای نێودەوڵەتی کرد ، وتی : ئایا هۆی چییە چەندین کەس هەیە لە بەریتانیا و سوێد و ئەڵمانیا و نەرویج ، لە گەڵ هەردوو سەرکردەی گەورەی کورد (مام جەلال ، کاک مەسعود بەرزانی) ، کە دەیانەوێت شایەتی بۆ بێ تاوانی خەزرەجی بدەن لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵی ، ئیفادەیان وەرناگیراوە تا ئێستا ؟ داواکاری گشتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وتی : ئەو شاهێدانەی کە لە ئەوروپان و ناوەکانیانمان بۆ هاتووە و لێمان کۆڵیوەتەوە ، بۆمان دەرکەوتووە ، کە زۆربەیان پێشتر کلک و کەسانی سەر بە ڕژێمی عێراقی بوونە و ئێستاش زۆربەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیان لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا هەیە ، سەبارەت بە وەرگرتنی شایەتی ، مام جەلال و کاک مەسعود وتی : ئەوانە کەسانێکی سیاسین و لێدوان و هەڵوێستیان بۆ ئامانجێکی سیاسیە بەرانبەر بە خەزرەجی ، وە کاری سیاسەت و یاسا و دادگا ، دوو بابەتی دوور و جیان لە یەکتر بۆیە شایەتی ئەوان کەڵک و کاریگەری بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئێمە نابێت و شایەتی ئەوان وەرناگرین .

داواکاری گشتی بۆ دادگا ئەوەشی خستە ڕوو ، کە لە 2002\11\19 لە کاتی پشکنینی ماڵی خەزرجی دەست بە سەر هەندێ شت گیراوە ، لەوانە لیستی ناوی سیخوڕەکانی ڕژێمی عێراق لە گەڵ ناو و ناونیشانی ، ئەو کەسانەی شایەتن ، یان هەوڵی دادگایی کردنی خەزرەجی دەدەن !! ئەمە بۆ خۆی بووەتە جێگای پرسیار و سەرسوڕمانی پۆلیس ، هەر لە درێژەی وتەکانیدا داواکاری گشتی وتی : لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا ، کە پۆلیس سەرەتای مانگی 1\2003 لە گەڵ خەزرەجی ئەنجامی داوە ، خەزرەجی دانی بەوەدا ناوە ،

**که چه‌ند جارێک له فه‌رمانده و هێزه‌کانی خۆی هه‌ڵبژاردووه و داوێتی به عه‌لی حه‌سه‌ن مه‌جید ، وه خه‌زره‌جی زانیوێتی عه‌لی کیمیاوی ئه‌و هێزانه بۆ چی مه‌به‌ستێک به کار ده‌هێنێت .**

**ئه‌وه‌ی پێویسته بوترێت له‌و ڕووه‌وه ئه‌مه سێهه‌م جاره ده‌ست به سه‌ری بۆ نه‌زار خه‌زره‌جی نوێ ده‌کرێته‌وه هه‌ر مانگی جارێک ، پاش ئه‌وه‌ی له مانگی** 2002\11 **وه‌ک تاوانباری جه‌نگ له دژی گه‌لی کورد له دادگایی دانمارک ناوی تۆمار کراو و له ماڵه‌که‌ی خۆیدا ده‌ست به سه‌رکراو و خرایه ژێر چاودێری توندی پولیسه‌وه و ڕێگای هاتوچۆکردنی لێ قه‌ده‌غه‌کرا .**